

# مردنەكانی باوكم

محەمەد حسێن

بەم جۆرە باوكمیان كوشت، هەروایش زیندوویان كردەوە، كەس نەیزانی بۆ سەرنگونیان كردوو بۆچی هێنایشیانەوە، وەك ئەوەی ئامانجێكی باڵایان لە ناو دووژمنەكانی سەرۆك و حیزب و دەوڵەتدا پێكابێت، دەستیان چووە كوشتنی ئەو پیاوە چارەڕەشەی كە تا ئێستایش نازانین بۆچی ئەیكوژن، بۆچی دوواتریش بەزیندوویی ئەیهێننەوە... یان كە جارێكی تر دێتەوە بۆ وازی لێ ناهێنن؟

وەك چیرۆكە ناماقوڵەكانی ناو خەیاڵگەی سیناریستەكانی هۆلیۆد، وەك ئەندازەی ئەو گەڕەكە تەجاوزانەی لە كەناری شارە خواپێداوەكاندا دووكەڵی كوێرەوەری و نەهامەتی لێ هەڵئەسێت، ئەم چیرۆكەی باوكیشم پڕە لە ناماقوڵیەت، پڕە لە قەدەری بێ مانا.. كارەساتێكەو پێكهاتووە لە زنجیرەیەك دیمەنی پێكەنیناویی كۆمیتراژیدی، كە جگە لە من ئەكرێت هەموو خەڵكی ئەم دنیایە چێژی لێ ببینن.

قەدەری من وەهابوو، ئەبووایە هەر بەسەر شوێنەوارەکانی کارەساتەکەدا بهاتایەم، بەشوێن ڕەوینەوەی تەمی بەیانیە ساردەکانی چاوەڕوانی دووای نوێژی بەیانیی داپیرەم، ڕاچەنینی خەوی خۆشی بەیانیانم ئەزموونکردایە، ڕیپۆقی چاوی بێداربوونەوەم بە لێوارە چڵکنەکەی لێفەکەم بسڕیایە.. قەدەرێکەو ئەبووایە پڕ بەئازارەکانی بژیایەم.. من گیرۆدەی ئاە و هەناسە قوڵەکانی دایکم بووم، لە هەموو شت زیاتر بە ئازارەکانی ئەو، قسە ڕەق و تاڵەکانی، ئەو بێدەربەستییەی ئازاری ڕۆحی داپیرەمی پێ ئەدا، ئەپلامەوە.. کە ئەیگوت (بەمردنەکەیشی هەر لە ئۆمەتی محەمەد جیاواز بوو)، ئیتر لە دەریایەك گوماندا غەرقی ئەکردم، گومان لە هەموو ئەو شتانەی کە نەئەکرا من گومانی لێبکەم، لە هەموو ئەو پرسیارانەی لە حەسرەت بێ باوکیمدا دەستبەرداری وەڵامە نەبیستراوەکانی ئەبووم.

بەپێی گێرانەوەکانی دایکم: بیست و حەوت ساڵ و حەوت مانگ و حەوت ڕۆژ لەمەوبەر، لە سێشەمەیەکی تەڕی مانگی ڕێبەندانا، من لەدایك ئەبم. پێش ئەوەی لەدایکبم و بێمە ناو ئەم ژیانە پڕ دەردیسەریەوە، پێش ئەوەی ببمە ژمارەیەك لە هیچ خێزان و گەڕەك و شارێکدا، لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا باوکم نامێنێت.. یان وەك ئەوەی کاتی خۆی دایان نابوو ئەکوژرێت..

ئەکوژرێت پێش ئەوەی بیبینم و بیناسم، بمبینێت و بمناسێت، وەك ئەو هەزاران کەسەی لەو ڕۆژگارەدا ئەکوژران و کەسیش نەیئەزانی لەسەر چی و بۆچی.. بەیانیانێك لە ماڵ ئەچێتە دەرەوە و ئیتر نایەتەوە، بێ ئەوەی هیچ حسابێکی بۆ نەهاتنەوەی کردبێت، بێ ئەوەی بزانێت چ قەدەرێکی شووم لە بۆسەدایە بۆی. دووای دووو هەفتە بەنیمچە داڕزاوی و بە بۆگەنێکی زۆرەوە تەرمەکەی ئەبرێتە نزیکترین بنکەی پۆلیسی شار.

هەمیشە مردن هەروابووە، خراپترین و نەگونجاوترین کاتی بۆ ئادەمیەکان هەڵبژاردووە.. وەك ئەوەی خۆی کەم سامناك بێت، بیەوێت بەم کوتوپڕییەی ئەو کەسانە بترسێنێت کە لەبەر ژیان نایانەوێت لە مردن بترسن.

لە کوشتنەکەی باوکمدا هیچ لۆجیکێك بەدی نەئەکرا، کەس وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆ نەئەدرایەوە کەئەیگووت: ئەم پیاوە بۆ ئەکوژرێت.. بەدڵنیاییەوە کوشتنەکەی کاری لە گۆڕینی هیچ هاوکێشەیەکی سیاسیش نەئەکرد، (وەك ئەوەی کوشتنەکەی ڕەفیق حەریری کردی)، وڵاتەکەمان هەستی بە لەدەستدانی ڕۆڵەیەکی بەئەمەك و دڵسۆزی خۆی نەئەکرد، (وەك چۆن کاتی مردنی بەرپرسە گەورەکان، هەندێك میدیاکاری ڕووپاییکەر ئەیڵێن). بەقسەی هاوڕێ شاعیرەکەم تەنها سوودمەندی ئەم کوشتنە هەر باوکم خۆیەتی، سوودمەندی سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە هەر ئەوەو بەس.. چونکە بە کوژرانی لە ناکاتی، یەکسەر لە پیاوێکی ئاسایی کەس نەناسەوە گۆڕا بۆ پاڵەوانێکی پڕ لە نهێنی، لەو پاڵەوانانەی تۆماری شەهیدانی حیزب بەشانازییەوە شەرەفی تێکۆشەرێکی نهێنییان پێ ئەبەخشی. لەلای دایکیشم بەجارێك وێنەکەی گۆڕا، تا زیندووو بوو دایکم قەت ئامادە نەبوو دانی خێری پیابنێت، کەبینیی بەو دەردە ڕۆیشت، سۆز و حەنینێکی زۆری بۆ دروست کرد، کەهەرگیز بەراورد نەئەکرا بەسەردەمی زیندوویەتی.. بەڕاستی پیاوێکی کەم بەخت بوو باوکم، تا نەمرد نەبووە شۆڕەسواری خەونەکانی هیچ کەسێك، تەنانەت بەدایکیشمەوە.

دایکم کە تائەمرۆیش ئەوەی هەر لە بیرنەچووە بەنابەدڵی و بەزۆر داویانە بەشوو، هەتا ئەو ڕۆژەیش بەکوژراوی تەرمەکەی بۆ دێننەوە، نێوانیان هەر ناخۆش ئەبێت. ئەو گومانی وەها ئەبێت ئەو کۆنە دراوسێی گوندەکەیان، کە کاتی خۆی لەسەر بێستان ناکۆکی ئەکەوێتە نێوانیانەوە کوشتوویەتی. ئەڵێت: (هەر ئەو سەگبابەیە ئەوەندە ڕقی لێمانە، ئەگینا ئەو خراپەی بۆ کەس نەبووە و دووژمنێکی دیارو ئاشکرایشی نەبووە تابڵێین...)

مامە ڕۆستەم، براگەورەی باوکمە و لەسەر بەشە ماڵ دابەشکردن چواردە ساڵی ڕەبەق مەرحەبایەکیان لەنێواندا نامێنێت، دڵنیایە لەوەی باوکم بەدەست جەلاوزەکانی بەعس کوژراوە، چونکە چەپێکی شۆڕشگێڕی دەمنەوەستاوی زمان هەڵەشەی ڕۆژگاری خۆی بووە.

دراوسێیەکمان کە شۆفێری پاسی هێڵی کەلار - بەغدایە، ئەڵێت: بەچاوی خۆی باوکمی بینیوە لەگەڵ پیاوێکی ڕەشتاڵەی باڵابەرزدا سواری پاسێکی بەغداد ئەبێت، هەتا کەوتوونەتە ڕێیش هەر وا پێکەوە بوون، بەڵام دوواتر لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس دەریخست ئەو ئۆتۆمبیلە ئەوانی تیانەبووە کاتێك گەیشتۆتە بەغداد.

بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوە ڕەشتاڵە گومان لێکراوە، زۆر گەڕاین: وتیان فەرمانبەرێکی پەروەردەیە، چوین و ئەو نەبوو.. کرێکارێکی پۆستەو گەیاندنە... شۆفێرێکی تاکسیە، تائێستایش هەر بەدووایدا ئەگەڕێین و نەماندۆزیوەتەوە. داپیرەیشم هەر کە بیری ئەکەوتەوە، بەحەسرەتێکەوە ئەیگوت (وەی لەو خوێنەی شەوی بەسەرا دێت، ئیتر هەر نادۆزرێتەوە)

باوکم تامردیش بەلای کەسە زۆر نزیکەکانی خۆیەوە مایەی گرنگیپێدان نەبوو، لای کەس خۆشەویست نەبوو: نەوەك هاوسەر، نەوەك برا، نەوەك هاوڕێ، نەوەك هاونیشتمانی... بەڵام دووای کوژرانی بەو شێوە تراژیدییە، بەجارێك هەمووان گۆڕان بەرامبەری، ئیتر کێرڤی خۆشەویستیی هەمولایەك بەرز بووەوە بۆ جوانەمەرگییەکەی، بۆ غەدری کوشتنەکەی، بۆئەو ئاواتانەی بردیە ژێر گڵ و نەهاتنە دی.

چەند بەختەوەر بوو باوکم، ئەوەی لە ژیاندا لێی بێبەش بوو بەمردوویی بەدەستی هێنایەوە..

بۆ من گرنگ بوو بزانم ئەم باوکە چۆن پیاوێك بووە، چۆن فەرمانبەرێك و چۆن برایەك و چۆن نیشتمانپەروەرێك بووە.. هیچ لەوە ناخۆشتر نییە لە بۆشاییەکی مێژوویدا بژیت، ڕابردوویەکت نەبێت یادەوەرییەکانتی تیا زیندووکەیتەوە، سەروەرییە وەهمییەکانتی لێوە

وەربگریت.. بۆ من ژیانی هەتیویم چەند سەخت بوو، کوژرانەکەی باوکم زیاتر، هیچ نەزانین لە بارەی ئەو ڕۆژگارەی تیا ژیابوو ئازارەکەی بەسوێ تر بوو.. دەمویست بە زانینی ئەم سیفەتانەی، بەهەڵگرتنی شوێنپێ ونەکانی، کوت کوتی وێنە وردووخاشبووەکەی ناو خەیاڵم کۆبکەمەوە..

من تارادەیەك بیانووی خۆم هەبوو بۆچی ئەگەڕێم، هەمووان دەیانزانی وێڵی دووای باوکایەتیەکی لەدەستچووم، بەڵام ئەی مامە ڕۆستەم و دایکم و نەقیب عەلی هاوڕێی بۆچی ئەگەڕێن.. ئەشێت دووای ئەو هەموو ساڵە دۆزینەوەی بکوژەکانی باوکم چ سوودێکی هەبێت بۆ ئەوان؟ ئەمە ئەو پرسیارە بوو کەس وەڵامە ڕاستەقینەکەی نەئەزانی.. هەڵبەتە دووای ئەو هەموو ساڵە، تائێستاکەیش لە من زیاتر هیچ کەسی تر نایزانێت..

ڕاستە وتوویانە (باوك کوژراو لە حەقی خۆی خۆش ئەبێت، بەڵام پلاو و گۆشتخۆر واز ناهێنێت).

هەموتان ئەزانن ئەم باوکی منە ئەگەر بیشمایە پیاوێکی دیاری ناو لاپەڕەکانی مێژوو نەئەبوو، بەدڵنیاییەوە نەئەبووە ئەندام پەرلەمان و پارچە زەویی ڕوکنی بەکەسیان نەئەبەخشی، نەئەبووە شاعیری ناو ئاهەنگ و بۆنەو یادەکان، لەگەڵ گۆرانییەکانی عەلی مەردانا کەمانچەی نەئەژەنی، وەك خۆی باسی ئەکات بۆ دایکیشم پیاوێکی بێزارکەری کەللەشەق بوو.. بەڵام بۆ من مەسەلەکە بەجۆرێکی ترە، هەر هیچ نەبێت کەلێنی بێ باوکیی بۆ پڕ ئەکردمەوە، ئەو کەلێنەی تەنها من ئەزانم چەند ناخۆش و ئازاراوییە..

هاوڕێ شاعیرەکەم هەر کاتێك باسی باوکمی بۆ ئەکەم، ئەڵێت. (گرنگی ئەم جۆرە پیاوانە دووای مردنیان دەرئەکەوێت، ئەگینا بەژیانیان کەڵکێکی وەهایان بۆ هیچ کەسێك نییە... ئەمانە بۆیە ئەمرن تا نیشانی دەن دووای ئەوان، چەندە برینی بەسوێ لە ژیاندا دەم ئەداتەوە).

کە من پێم ئەگوت:

-نا هاوڕێکەم، ئەوە گرنگیی ئەو نییە مردنەکەی ئەیەوێت نیشانمان دات، بەڵکو پێداویستیی ئێمەیە بە ئەو، پێداویستیی من و دایکمە.. کە تا ئێستایش شەرم ئەکات باسی شووکردنەوە بکات... یاخود ئەترسێت نەوەك کوشتنەکەی باوکمی بەسەردا ساغ بکەنەوە.. خوانەناسانە بڵێن:

-(کوڕە هەر ئەو ژنە عەیارە بەکوشتی دا... تامردیش بەڕووخۆشی پیاڵەیەك چای بۆ دانەنا..)

* * *

ساڵەکانی تەمەن ئەهات و ئەچوو، من بە هەتیوی و دایکم بە بێوەژنکۆشی و داپیرەم بە پیری و جگەرسووتاوی، ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی، ماڵێکی پڕ لە سەرماو هەڵلەرزینی هەژاری و کولەمەرگیمان ئەبردە سەر. بەردەوام ئەوان چاویان لە گەورەبوونی من بوو، منیش لە غەمناکی و ڕەشپۆشیی دایکم، لە زیاتر پیربوون و چرچولۆچبوونی داپیرەم بوو...

لە یەکێك لە شەوە تاریك و درێژو ساردەکانی مانگی شوباتدا، داپیرەم سێهەمین خەونی شوومی خۆی ئەبینێت، ئەو لە هەموو تەمەنیدا سێ جار خەونی ترسناکی بینیووە، لەو خەونانەی لە نیوەشەواندا بەدەم ترسەوە ڕاپچڵەکاندبێت. یەکەم خەونیان کوشتنی برابچوکەکەی بەدووادا دێت، دووەمیان کوشتنی کوڕە ناوەڕاستینەکەی (بەواتای باوکم). ئەو شەوەی کە سێهەم خەونی ئەبینێت، هەر نیوەشەو لە ترساندا هەموومان هەڵئەسێنێت، تا بەیانی ناهێڵێت کەسمان بخەوینەوە.. جارجارەیش بەدەم هەڵلەرزینەوە و بەئاوازی هۆرەیەکی غەمناکەوە، بەردەوام ئەم بەیتە دووبارەئەکاتەوە (دەستەی ئازیزان کارێك پێم کردن، بێزاربووم لە ژیان ڕازیم وەمردن..)

بۆ سبەینێ لەگەڵ خۆرکەوتندا درا لە دەرگای حەوشەکەمان، گورەی بزوێنەری سەیارەیەك و ورتە ورتێکمان بە عەرەبییەکی موسڵاویانە بیست. بە بێدەنگی و لە کەشێکی پڕ لە ترسدا، سەیارەیەکی لاندکرۆزەری زەیتونی، پیاوێکی لاوازی نیوەگیانی کۆڵەوار، لە تویی بەتانییەکی کۆنەدا و بەهێوری فڕێی ئەداتە بەر دەرگاکەمان، دایکم گوێی لە یەکێکیان ئەبێت بەکوردییەکی شکاو پێی ئەڵێت: (وسکوت بەها.. دەنگت نا هەبێت.. عەدل بچۆ ماڵ).

ئەو پیاوە باوکم بوو، هەر یەکەم ساتی بینینی ناسیمەوە، بێ ئەوەی ڕاچەنین و پەشۆکانەکەی دایکم پێمبڵێت، هەلهەلە لێدانەکەی داپیرەم دڵنیام کات، من ناسیمەوە.. هەر لە شێوازی ڕوانینەکەی، لە ڕووخسارە داتەپیوەکەی، کە نەخشی ئازارو ئەشکەنجەی هەموو ئەو ساڵانەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، زانیم ئەو پیاوە نیوەگیانە باوکمە.

بەدرێژیی چواردە ساڵ باوکم بە سەهویەك ئەگیرێت، بەهۆی لێکچوونی ناوەکەی لەگەڵ ناوی سیانیی کەسێکی تر کە لەلایەن دەزگای ئەمنەوە داواکراوبوو، ئەیگرن و ئەیبەن.. ئیتر ئەو بەیانییە بۆمان دەرکەوت کە ئەو تەرمەی بەناوی باوکمەوە نراوەتەگۆڕ تەرمی پیاوێکی ترە، یاخود باوکێکی ترە، لەو باوکانەی کە تائەمڕۆیش مردنەکەیان وەك نهێنی هەرماوەتەوە، باوکێك خودا ئەزانێت ئێستە چەندێکی وەك منی هەبێت چاوەڕێی بکات..

بۆ خۆشبەختیی باوکم، بەم دووابیانە کە زیندانەکان سەرحساب ئەکەن، چاوێك بە فایلەکەی ئەویشدا ئەخشێنن، دووای فەیسێکی تری

لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوە، بۆیان دەرئەکەوێت ئەمە ئەو کەسە نییە کە کاتی خۆی لای ئەوان داواکراو بووە.. ئیتر ئەفسەرە جل سەوزەکە بە تۆزێك نیگەرانییەوە، بە کوردیەکی شکاوەوە پێی ئەڵێت: (کاکە خۆت دەبێت عەفومان کەیت، ئیمە لە خدمەی حیزب و سەورە... ئەختای ئەبیت هەر... یعنی فی کل مکان ئەم شتە ممکنە..) .

دووای ئەوەی باوکم گەڕایەوە، ئەو کەلێنەی لە ژیانی هەموومانەدا دروستی کردبوو پڕی ئەکاتەوە، چوارمانگ لەگەڵمانا ئەژی و دوواتر بانگ ئەکرێت بۆ خزمەتی سەربازی، یەکسەر ڕەوانەی بەرەکانی جەنگی ئێران - عیراق دەکرێت.. وەك ئەوەی لە سەرنگونبووندا بەهرەی هەبێت، یاخود مردن و بێسەروشوێنبوون، تاموچێژێکی تیابێت و تەنها ئەو فێری بووبێت.. پێش ئەوەی یەك مۆڵەتی (جومعەو خەمیس) وەرگرێت و سەرێکمان لێبداتەوە، لە هێرشەکەی فاودا جارێکی تر بێسەروشوێن ئەبێتەوە.

ئەم باوکی منە، مردنەکانی هێندە ئەمومژاوی و پڕ نهێنیە، دووای هەر مردن و سەرنگونبوونێکی کۆمەڵێك چیرۆکی جیاجیای لەسەر دروست ئەکرێت، منیش هەلپەرستانە، بەگوێرەی ڕۆژ، هەر جارەو یەکێك لە حکایەتەکانی بەڕاست ئەزانم، کامیان سوودی ڕۆژی تیابێت وەك چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەو وەریدەگرم.

دوووهەمین سەرنگوونبوونی هیچ تەرمێکیمان وەرنەگرتەوە، بەڵام کۆمەڵە حکایەتێکی جیاجیای مردنەکەیمان دەستکەوتەوە.. وتیان شەهید بووەو تەرمەکەی دەست هێزەکانی ئێران کەوتووە، وتیان پشتی لە شەڕەکە کردووەو ویستوویەتی هەڵبێت، دوواتر یەکێك لە ژەنراڵە پلەبەرزەکانی بەرەکە بڕیاریداوە وەك (جوبناء القادسیة)* بیکوژێت و بیخاتە گۆمێکی مەنگی ڕۆنگاوەکانەوە.. ئەفسەرەکەی خۆیشی پێی وایە هیچ کام لەم حکایەتانە ڕاست نین، بەڵکو ئەو بەدەست دەردێکی کەم وێنەی بێدەرمانەوە پێشتر هەر ناڵاندوویەتی، دەردێك کەپزیشکەکان نەیانتوانیبوو هیچ دەوایەکی بۆ دیاری بکەن، وەك ئەوەی ئەو دەڵێت: لە ڕاپۆرتێکی پزیشکیدا کە بۆ فەرماندەیی سریەکەیان ناردبوو، نووسیبوویان (بە پێویستی نازانین هەفتەیەك مۆڵەتی بۆ بنووسین، وەك ئەوەی کە خۆی داوای ئەکات، ئێمە شوێنەوارەکانی نەخۆشییەکی قوڵی دەروونی تیابەدی ئەکەین... بەڵام باشەو هێشتا هەر ئەتوانێت ئەرکە سەربازییەکانی جێبەجێ بکات، ئەم پیاوە بەر لە شەش مانگ لە خۆشیا گەشکەی کردووە، شۆکی خۆشییەکی زۆر دووای ساڵانێکی زۆری ناخۆشی و بێزاری وای لێکردووە دڵی تووشی لاوازییەکی زۆر ببێت...) ئەم ڕاپۆرتە لە بارەی تەندروستیی باوکمەوە، وا لە (ملازم عەدنان)ی ئەفسەری ئەکات بڵێت: (ئەم پیاوە بەهۆی شۆکی خۆشییەکی زۆرەوە دڵی لاواز ئەبێت، شەوی هێرشەکەیش لەبەر ئەوەی دووای شەڕێکی زۆر بەسەلامەتی ئەگەڕێتەوە، هێندەی تر دڵخۆش ئەبێت، ئیتر دڵی بەرگەی ئەو هەموو خۆشییە ناگرێت و لە لێدان ئەکەوێت... بۆیە من پێم وایە ئەم پیاوە تەنها لە خۆشیا مردووە..ئەگینا هیچ هۆیەکی تر نابینمەوە.»

کێشەی من ئەوە نییە ئایا باوکم چۆن مرد، یان شەهید بوو.. بەڵکو گومانم لەو خۆشییە هەیە کە ملازم عەدنان ئەڵێت بووەتە هۆی وەستانی دڵی. باوکم لە ژیانیا یەکجار خۆشی ئەبینێت، ئەویش ئەو ڕۆژەیە لە زیندان بەری ئەدەن. من ناتوانم بڕوا بکەم باوکم لە خۆشیا مردووە، لە خۆشیی ئەوەی دووای چواردە ساڵ سەرنگووم بوون، چواردە ساڵ ژیان بێ ئەوەی تیشکی هەتاو ببینێت، لە ساتێکدا پێی ئەڵێن « ئەوە تۆ نیت گوناهباریت، بڕۆ... ئێمە بەسەهوویەك تۆمان گرت.. ئەبووایە کەسێکی تر بگیرایە، کەسێك هەروا وەك تۆ ناوی (جوامێر عەلی حەیدەر)ە).

ئەفسەرە جل سەوزەکە بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە، بە نەرمییەکی زاڵمانەوە پێی ئەڵێت (لەم سەهووەدا بە تەنها ئێمە گوناهبارنین، بە پلەی یەکەم باوکت گوناهبارە، لەبەر ئەوەی تۆی ناوناوە جوامێر، دوواتر باپیرەت، ئەو کوردە شاخاوییە نەگبەتەی کە مەگەر من بزانم پێچ و لفەی جامانیەکەی، بمبوورە (منع تفكير)**ەکەی چەند بووە، لەبەر ئەوەی باوکتی ناوناوە عەلی.. ئەگەر تۆ هاوناوی (جوامێر عەلی حەیدەر)ی سەگباب و ئاژاوەگێر نەبوویتایە، ئێمە چ کارێکمان بەسەرتەوە هەبوو؟!

ئێمە بۆ دوووەم جار بێگومان بووین لە مردنەکەی، دڵنیابووین ئیتر نایەتەوە.. لای خۆمانەوە هەموو شتێکی ئەومان مراند.. جگە لە یادگارییە ناخۆشەکانی، کەچی بەم دوواییانە و سەرلەنوێ ناوی (جوامێر عەلی حەیدەر) کەوتەوە ناوان.. ئەڵێن دووای ٢٠٠٣/٤/٩ لە یەکێك لە زیندانەکانی کۆشکی کۆماریدا، لەگەڵ کۆمەڵێك زیندانیی تردا بینیویانە ڕایانکردووەو هوتافیان دژی فارسە مەجووسەکان کێشاوە، چونکە هەر وایان زانیووە لە زەمەنی شەڕی ئێران—عێراقدا ئەژین... یەکێك ئەڵێت لە ناو ئەو زیندانییە ڕووت و بێ شەواڵانەدا بینراوە کە لە ئەبووغرێب، ژنە سەربازە ئەمریکییەکە بەجوڵەی مارو پشیلە ئەشکەنجەی ئەدان...

ئەم باوکە بۆ من هەر نەبوو.. ئەگەر چی قەت مردنەکانیشیم ئەزموون نەکرد وەك هەر باوك مردنێکی ئاسایی.

........................................................

(جبناء القادسیة): بەمانای خوێرییەکانی شەڕی عێراق - ئێران دێت.

(منع تفكير): (بەواتای ڕێگریی بیرکردنەوە) دێت، لە عیراقدا وەك سووکایەتی بە سەروێن و مێزەری پیاو، تەنانەت عەگاڵی عەرەبیش ئەوترا.